عەلی باپیر: خەڵکی مسوڵمان دەبێت دەنگ بە کەسێك بدات کە شایستەیە

عەلی باپیر، سەرۆکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان ڕایگەیاند، هەر کاتێک بزانین پەرلەمان دیزاین دەکرێت، بایکۆتی دەکەین و هەمان هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستایان دەبێت کە بناغەکە غەش بو. دەشێت، "خەڵکی مسوڵمان دەبێت دەنگ بە کەسێك بدات کە شایستەیە".

عەلی باپیر، ئەمە شەممە لە میانی وتارێکدا لە مەراسیمی ناساندنی کاندیدەکانی حزبەکەی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عەراق ڕایگەیاند، خەڵکی مسوڵمان دەبێت دەنگ بە کەسێك بدات کە شایستەیە، و هەڵبژاردن ئەرکەکی شەرعییە.

ئاماژەی بۆشکرد، بناغەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان غەش بو، بێیە بەشدارییان نەکرد و داوای کرد بە زوترین کات هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەبێ دەستوەردانی وەاتانی دەرەکی دوبارە بکرێتەو.

عەلی باپیر لە بارەی ژمارەی کاندیدەکانیان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عەراق باسی لەوشکرد، "تەماشا مەکەن حەوت کاندیدمان هەیە، بەرەکەت بە زەری نیە".

ئەوشیخستەو، هەر کاتێک بزانین پەرلەمان دیزاین دەکرێت، بایکۆتی دەکەن و هەمان هەڵوێستیان دەبێت

کە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەیانبو، ئۆکاتیش هەموان هاوڵابون لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنەکە دیزایین کراوە، بەڵام دواتر بەس ئەوان مانەوو نەچویە پەرلەمان.